# دێموکراسی بە کوردی؟

ئێمە لە رۆژنامە و مێدیا جۆراو خۆرەکانی کوردستان دا شاهیدی بەکار هێنانی وشەی دێموکراسین، ئەم وشەیەش بە زۆری لە زار دەسەڵات دارانی کوردی دەبیستین لە کوردستانی باشوردا، و دەڵین کە کوردستان لە سەر بنەمای دێموکراسی بنیات نراوە. بەڵام ئایا دێموکراسی مانای چییە؟ هەتا ئێمە کوردستان و سیستەمی دەسەڵات لەوێدا  بە پێی پێناسەی وشەی دێموکراسی هەڵسەنگێنین.

وشەی دێموکراسی وشەیەکی یۆنانییە و "دێموس "واتا خەڵک و "کراتەین" واتا دەسەلاتی خەلک. سیستەمێکە کە زۆرینەی خەڵک دەسەڵاتیان هەیە، و مافی کەمینەش پارێزراو دەبێت.  دێموکراسی دوو سیستەمی هەیە، یەکەم دێموکراسی راستەوخۆ: لەم سیستەمە دا هەموو کەس بەژداری دەکات لەو قەرار نامانەی کە تەسویب دەکرێت. ئەم سیستەمە لە یۆنانی کۆن دا بەرێوە دەچوو، بەڵام هەموو کەس مافی دەنگ دانی نەبوو. لە دانیشتوانی  شاری ئاتێن کە نزیکەی 100000 کەس دەبوو، تەنها زیادتر لە 5000 کەس ، یان  تەنها پیاو مافی دەنگ دانی هەبوو.ژنان و ئەوانەی کە بەردە بوون، وە ئەو کەسانەی کە تازە نیشتەجێ بووبون لەو شارەدا مافی ئەوەیان نەبوو کە دەخاڵەت لە سیاسەت دا بکەن. بەلام ئەم سیستەمە گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆسیستەمی دەسەڵاتی ئەوکات وە بێوێنە بوو لە چاو سیستەمی دەسەڵات داری وڵاتانی تری ئەو سەردەم دا.

سیستەمی دێموکراتی راستەوخۆ بۆ سەردەمی ئەمرۆ و جیهانی ئەمرۆ شتێکی ئیمکان ناپەزیرە، لەبەر ئەوەی کە ئەمرۆ ژنان و پیاوان لە سەر تەمەنی 18 ساڵ مافی دەنگدانیان  هەیە، وە ئەمەش رێگا نادات کە بە میلیۆنەها ئینسان لە یەک شوێن دا کۆبکەنەوە و بەشداری بکەن لە دەسەڵآت دا، بەو شێوەیەی کە لە ئاتەن دا دەکرا.

دووهەم دێموکراسی ناراستەوخۆ: ئەم سیستەمە ئەمرۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا بەرێوە دەچێت،لە دێموکراسی ناراستەوخۆدا خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن لە ئینتیخاباتێکی ئازاد داو و هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان تێدا بەشدار دەبن، بە بێ  هیچ بەربەستێک. ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن وەک نوێنەرانی خەڵک دەبنە بڵەنگوو و زاری خەڵک بۆ ئەوەی کە مافەکانیان بپارێزن وە هەروەها داوای مافەکانیان لە حکومەت و دەسەڵات داران بکەن، وە هەتا چ رادەیەک ئەم سیستەمە عەدالەت خوازە یان نەء ئەمە پرسیارێکی دیکەیە کە باسێکی تری پێویستە.

کام دێموکراسی لە کوردستان دا؟ لە کوردستان دا ساڵی 1992 یەک هەلبژاردن کرا و لەسەر 1 کورسی پارلەمان 13 ساڵ شەڕ بوو، وە هەر حیزبێک و  هەر کەسایەتییێک کە لەگەڵ ، سیاسەتی دەسەڵات داری کوردی دا نەدەهاتەوە، سەرکووت دەکرا بە شێوەی جۆراوجۆر.وەک لێدان و کوشتنی ئەندامانی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری ئێراق لە لایەن یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و دەست گرتن بە سەر مقەرات و رۆژنامەو تەلەفزیۆنی ئەو حیزبە لە ساڵی 1995-96 دا

لە وڵاتێک دا کە لە سەر بنەمای دێموکراسی دامەزراوە، مافی تاکەکەس پارێزراوە، بەڵام لەم کوردستانەدا کە یەکیەتی و پارتی بە وڵاتێکی دێموکرات نێوی دەبەن، بە هەزاران ژن کوژراون لە پێناو

پاراستنی ناموس، بەڵام هیچ کەس لە لایەن دەسەڵات داری کوردییەوە لەسەر ئەمە دادگایی نەکراوە. هەرکەس سەربە لایەنێک یان مەسئولێک نەبێت هیچ مافێکی لە کۆمەڵگادا نەبوووەو ناشی بێت. لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی دا دەنگی ئازادی خنکێندراوەو هەوڵ دراوە کە قەڵەمی نوسەران بشکێندرێت یان بێدەنگیان بکەن بە پارە و سەرمایە، بۆ ئەمەش دوو نمونەی جۆراو جۆر هەیە. یەکەم حەمە سەعید حەسەن کە هەندێک نوسراوەی لە سەر پارتی دێموکراتی کوردستان نووسی بەڵام پارتی توانی کە قەڵەمی ئەم نوسەرە بسێنێت بە پارە و چی تر لەسەر پارتی و بنەماڵی بارزانی نانوسێت نمونەی دوهەم د. کەمال سەیید قادرە کە لەسەر دوولاپەرە کە لەسەر پارتی دێموکراتی کوردستان دا نوسیبووی، لە لایەن پارییەوە دەستی گیرا بە سەردا و ئەوە ماوەی 6 مانگ دەبێت کە لە زیندانی پارتی دایە. پارتی زۆر هەوڵی دا کە د. کەمال وەک حەمە سەعید حەسەن بە پارە بسێنن، شتێک کە د. کمال رەدی کردەوەو ئەمەش وای کرد کە پارتی سەرەتا بە 30 ساڵ زیندانی کردن ئەم نوسەرەی بە زیندان مەحکوم کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان و وڵاتانی ئەوروپی نارەزایی خۆیان بۆ دەربرینی ئەم حوکمە دەربریی، ئەم حوکمەی بۆکرا بە 1 ساڵ و 6 مانگ زیندانی. لە کام وڵاتێکی دێموکرات دا نوسەرێک لەسەر نووسینی 2 لاپەرە زیندان کراوە؟ دیارە لە کوردستان دا بەکار هێنانی قەڵەم و نوسین لە سەر دەسەڵات داران جورمی زۆرترە هەتا ئینسان کوشتن، یان دزی کردن. دزی و راو و رووت کردن لە نێو سەرانی یەکیەتی و پارتی دا باوە، وە ئەگەر دزی کردن بە جورم حیساب بکرێت دەبێت کە سەرانی هەردوو حیزبی دەسەڵات دار دادگایی و رەوانەی زیندان بکرێن.

لەژێر دەسەڵاتی یەکیەتی نیشتیمانی دا داخوازی خەڵکی هەژار و بەشمەینەت چەندین بار بە گولە و تەقەو شەق و کوشتن و برین جوابی پێدراوەتەوە. دیارە کە خەڵکی کوردستان چی تر نایەوێت کە گوێ بۆ قسەی رەنگداری سەرانی یەکیەتی و پارتی بگرێت، لە کاتێک دا بۆ مەسئولەکان و دەسەڵات داران هەیە کە کۆشک و تەلاری خۆیان بنیاد بنێن بەلام نییە کە کارەبا، ئاوی خواردنەوە، نەخۆشخانە، و قوتابخانە بو خەڵکی کوردستان دابین بکەن، لە کاتێک دا ئەمە سەرەتایی ترین مافی هەر ئینسانێکە لە جیهان دا. قوتابیانی زانکۆی سلێمانی کە هاتنە سەر شەقامەکان و داوای کارەباو ئاویان دەکرد، لە لایەن یەکیەتیەوە بە گولە جوابی پێدرایەوە و لە ئەنجام دا بو بە هۆی کوشتنی خوێندکارێک و بریندار بوونی چەندی تر و زۆر کەسێش رەوانەی زیندانەکانی یەکیەتی کران. لەکاتێک دا ئێمە رۆژانە شاهێدی خۆپیشاندانی قتابیان و خەڵک دەبین لە وڵاتانی ئەوروپی دا بۆ وەدەست هێنانی مافەکانینان، بەڵام هیچ کات خەڵک بە گولە جوابی پێ نەدراوەتەوە و هیچ کەس رەوانەی کونجی زیندان نەکراوە.

لە 16 مانگی سێ دا کە سالیادی کیمیا باران کردنی شاری هەلەبجە بوو، خەڵکی ئەم شارە هەستان بە سازدانی خۆپیشان دانی هێمنانە لە کاتێک دا کە زۆر کەسایەتی سیاسی سەردانی ئەو شارەیان دەکرد، هەتا بزانن کە ئەم خەڵکە لە مامەوەی 15 ساڵی دەسەڵات داری کوردی دا هیچیان بۆ نەکراوەو و ئەو پارەیەی کە بە ناوی ئەوانەوە کۆدەکرێتەوە و دەرسەدێکی زۆر کەمی لە پێناو ئەو خەڵکە بریندارەوە زوڵم لێکراوە سەرف نەکراوە، وە هەمووی چووەتە گیرفان مەسئولان و

دەسەڵات دارانی یەکیەتی و پارتی.دیسان داخوازی خەڵکی زۆڵم لێکراوی هەلەبجە بە گولە لە لایەن سەرانی یەکیەتیەوە جوابی پێدرایەوە و لاوێکی تەمەن 17 ساڵ  گیانی لەدەست دا و چەندین کەس بریندار و بە 100 ان کەسێش رەوانەی زیندان کران. ئایا لە وڵاتێک دا کە لە سەر بنەمای دێموکراسی دامەزرابێت کوا داواکردنی مافی ئینسان بە گولە یان بە زیندانی کرد جوابی پێ دراوەتەوە؟

بە بڕوای من سەرانی یەکیەتی و پارتی هێشتا لە مانای دێموکراسی تێنەگەیشتوون و نازانن کە دێموکراسی چییە، ئەگینا بەو هەموو گەندەڵی و نابەرابەرییەی کە لە کۆمەلگای کوردستان دا هەیە، نەیان دەوت کە دێموکراسی لە کوردستان دا هەیە چونکە ئەوەی دێموکراسی هەبێت لە کوردستاندا نییە، یان دێموکراسی بۆ مەسئولەکان بۆ پێشێل کردنی مافی تاکەکەس هەیە وە هەروەها بۆ بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی ئەوخەڵکە.

ئەگەر رۆژێک سیستەمێکی دێموکراتیک لە کوردستان دا بەرقەرار بێت دەبێت کە سەرانی یەکیەتی و پارتی دادگایی بکرێن لەسەر ئەو هەموو تاوانانەی کە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کردوویانە لە ماوەی ئەم 15 ساڵەی دەسەڵاتیان دا.

سەرکەوتوو بێت خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانی خۆیان.

مردن بۆ زاڵمان و دەسەڵات داران کە  بوون بە ژەهر  بۆ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان.

عرفان تارین.